ئەگەر خەڵکی بیانزانیایە چی (خێرێك) هەیە لە بانگدان وڕیزی یەکەم؛ ئەوا کە نەیانتوانیایە هیچ شتێك بکەن جگە لە تیروپشك ئەوا ئەنجامیان دەدا

لە ئەبی هوڕەیڕەوە-ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر خەڵکی بیانزانیایە چی (خێرێك) هەیە لە بانگدان وڕیزی یەکەم؛ ئەوا کە نەیانتوانیایە هیچ شتێك بکەن جگە لە تیروپشك ئەوا ئەنجامیان دەدا، وئەگەر بیانزانیایە چی (خێرێك) هەیە لە ئەنجامدانی نوێژ لە سەرەتای کاتەکەیدا؛ ئەوا پێشبڕکێیان دەکرد لەسەری، وئەگەر بیانزانیایە چی (خێرێك) هەیە لە نوێژی عیشا وبەیانی؛ ئەوا بۆی دەهاتن ئەگەر لەسەر گاگۆڵکێش بێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر خەڵکی بیانزانیایە چی فەزڵ وخێر وپیرۆزیەك هەیە لە بانگدان وڕیزی یەکەم؛ پاشان نەیانتوانیایە هیچ پێوەرێك بدۆزنەوە بۆ پێشخستن وهەڵبژاردنی باشترین کەس مەگەر بە تیروپشك نەبێت، ئەوا تیروپشکیان دەکرد لەسەری بۆئەوەی دەربکەوێت کێ شایستەترە پێش بخرێت بەرامبەر بە هاوەڵانی، وئەگەر خەڵکی بیانزانیایە چی خێرێك هەیە لە ئەنجامدانی نوێژ لە سەرەتای کاتەکەیدا؛ ئەوا پێشبڕکێیان دەکرد لەسەری، وئەگەر خەڵکی بیانزانیایە چەندێك پاداشتیان پێدەبەخشرێت لەسەر هاتن بۆ نوێژی عیشا وبەیانی؛ ئەوا هاتن بۆ ئەو نوێژانە ئاسان دەبوو لەلایان ئەگەرچیش بە گاگۆڵکێ بهاتنایە لەسەر ئەژنۆکانیان هەروەکو چۆن منداڵ یەکەم جار بەسەر زەویدا دەڕوات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65735